# یەكگرتوی ئیسلامی‌و تیرۆر

لە درێژەی كارەكانی ڕیكخراوی كوردستانی حزبدا لە پەیوەند بە كارەكانی بۆ دادگایكردنی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان وەك حزبێك كە هەڵسوڕانی تیرۆریستیانەی بە بەڵگەوە لە بەردەستدایە، دوێنی ڕۆژی 2006/7/30و لەژێر ناوی"یەكگرتوی ئیسلامی‌و تیرۆر"دا كۆمیتەی ڕابەری ڕێكخراوی كوردستانی حزب، كاتژمێر 6ی ئێوارە لەهۆڵی سلێمانی، سیمنارێكی جەماوەری لەشاری سلێمانی بەست بۆ زمناكۆ عزیز– ئەندامی مەكتەب سیاسی حزب، كەسیمنارەكە تایبەت بوو بە خستنە ڕووی ئەو بەڵگانەی كە یەكگرتووی ئیسلامی و مەلابەشیری تیا تاوانبار ئەكرێت وەك هاندەرو زەمینەخۆشكەری تیرۆری هاوڕێیان شاپور عبدالقادرو قابیل عادل كە لەلایەن تیرۆیستە ئیسلامیەكانەوە لە 1998/4/18 دا تیرۆر كران.

سیمنارەكە كە لەلایەن ئەكرەم محمد ئەندامی كۆمیتەڕابەری ڕێكخراوی كوردستانەوە بەڕێوەبرا، كرابەدووبەشەوە، بەشی یەكەمی بۆ خستنەڕووی بەڵگەكان و هۆكاری تێوەگلانی یەكگرتووو چەند مەلایەكی‌تر لەو كێشەیەدا بوو كە لە لەلایەن زمناكۆ عزیزەوە باس‌و لێكۆلینەوەی لێكرا. هەروەها زمناكۆ عەزیز ئامانجی سیمنارەكەو دەعوایەك كەلەسەر یەكگرتوو و مەلابەشیر ئەكرێت بۆ ئامادەبوان ڕوونكردەوە، كە لەبەشێك لەقسەكانیدا زمناكۆ ووتی:

**"ئێمە ئەمانەوێ ئەم كێشەیە شێوازی كۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت‌و خەڵك بهێنینە پای ئەوەی كە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕای خۆی بدات‌و فشار بهێنین بۆ دەزگا پەیوەندیدارەكان كە ملبدەن بەڕێگای یاسایی‌و بەیاسا چارەسەر بكرێت نەك بەبەندوبەستی ژێربەژێر دوور لەچاوی خەڵك، هاوكات ئەمەنەوێ بیسەلمێنین كە یەكگرتوی ئیسلامی بەپێ‌ی قانونی ئەحزابی كوردستانیش -كە جێگای ڕەخنەیەو دژی ئازادیەو لەبەرژەوەندی یەكگرتودایە- نابێت مافی هەڵسوڕانی هەبێت‌و بەپێ‌ی ئەو قانونە ئەبێت دادگا بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدات".**

وە بەشی دوەمیش گفتوگۆی ئامادەبوان بوو لەسەر ئەو مەسەلەیەو چەندین مەسەلەی پەیوەندیداری تر، كە هەر پەیوەندیان بەتیرۆرەوە هەبوو لەلایەن حزبەكانیتری كوردستانەوە ئەنجامدراون، كە جەدەلێكی گەرم‌و گوڕو هەمەلایەنە دروست بوو، كە زرۆبەی ئەوانەی كە بەشدارییان كرد پشتیوانیان لەحزب ئەكرد لەسەر ئەو مەسەلەیە. ئەمەو كۆڕەكە كە زیاتر لە 150كەس بەشداریان تێدا كردو چەند كەناڵێكی ڕاگەیاندنی وەك ڕادیۆی نەواو تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان‌و ڕۆژنامەی هاوڵاتی‌و pukmedia ئامادەی بوون، پاش دووكاتژمێر سمینارەكە كۆتایی هات، چەند ڕۆژنامەو دەزگای ڕاگەیاندنیش لەسەر ئەم مەسەلەیە چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەنوسیان لەگەڵ زمناكۆ عزیزدا ئەنجامداوە.

**سكرتاریەتی كۆمیتەی ڕابەری**

**ڕیكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/7/31